www.kurdistannet.org
20-2-2007 18:42 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# گومانلێکراوه بێدەسەڵاتەکان - بەشی یەکەم. . . عەتا مەلا کەریم

"ئەگەر 100 تاوانبار بە ئازادی بسوڕێنەوە لەوە باشترە کە یەک بێتاوان لە پشت شیشی پۆڵاینی زیندانەوە بەخسیر بکرێت" [دادوەرێکی ئینگلیز]



کە دێینە سەر باسی تاوان و سزاو ڕژێمی دادوەری هەموان چاومان لەسەر قوربانی تاوانە و کەس بیری ئەو گومانلێکراوانەی نییە کە بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوان ڕۆژانە لە سەرتاسەری جیهاندا بەرەو بنکەکانی پۆلیس ڕاپێچ دەکرێن و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ئەنجامدەدرێت و هەندێک جار تاوانبار و هەندێک جاری دیکەش بێتاوان دەردەچن و ئازاد دەکرێن. ئەگەرچی ئەم مەسەلەیە لە وڵات و سیستەمە دادوەری و پۆلیسییە جیوازەکاندا جیاوازەو لە زۆر شوێن بە ئەشکەنجەو ئازاردان وا لە کەسێک دەکەن دان بە تاوانەکەیدا بنێت، یان تاوانێک بەسەر خۆیدا ساخبکاتەوە کە هەر فریشی بەسەرییەوە نییە. لە هەندێک شوێن کەسانی گومانلێکراو دەکرێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ڕابگیرێن و ئەگەر لەو ماوەیەدا هیچ تاوانێکیان بەسەردا ساخنەبووەوە دەبێت ئازاد بکرێن، بەڵام لە زۆر شوێن هێشتا خەڵک سەرنگون دەکرێن یان بۆ ماوەی زۆر لە زینداندا دەهێڵرێنەوە بەبێ ئەوەی کە تاوانێکیان بەسەردا سەلمابێت.

مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێت: با قسەیەکیش بۆ دزەکە بکەین! ئەمە لەکاتێکدایە کە هەموو کەس نەفرەت لە دزەکە دەکات و هێرشی دەکاتە سەر بێئەوەی کەس بیری بۆ ئەوە بچێت ئەو کەسە تا لەبەردەم دادگادا تاوانەکەی لەسەر نەسەلمێت هێشتا هەر بێتاوانە. ئێمە ڕۆژانە سەیری پەراوێزی هەواڵەکان دەکەین و دەبینین نوسراوە: ئەمڕۆ لە بەغاو باقوبەو کەرکوک سەدان تیرۆریست دەستگیر کران، یەکسەر زۆر کەس دەڵێن دەستیان خۆش بێت و واچاکە هەموویان لە جێدا گوللەباران بکرێن، بەبێ ئەوەی بیریان بۆ ئەوە بچێت کە بپرسن چۆن زانیتان تیرۆریستن؟ ئەوانە گومانلێکراون و پێدەچێت زۆریان بێتاوان بن.

ئەوەی کە پەیوەندی بەم باسە کورتەوە هەیە کێشەی ئەو گومانلێکراوانەیە کە ناتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن، یان بەخۆڕایی دان بە ئەنجامدانی تاوانێکدا دەنێن کە ئاگایان لێی نییە. ئەو گومانلێکراوانە کێن و چۆن دەتوانرێت بەرگرییان لێبکرێت یان بە گوێرەی یاسا یارمەتیان بدرێت؟ بۆ ناتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن؟ چۆن کەسێک دان بە تاوانێکدا دەنێت کە ئاگای لێی نەبێت؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەو گەلێک پرسیاری دیکەش پێویستە بەووردی لە کێشەی ئەو گومانلێکراوانە بکۆڵینەوە و هۆکارو زەمینەی بێدەسەڵاتبوونەکەیان بخەنە ڕوو.

هەموو کەس بێتاوانە هەتا تاوانێکی لەسەر دەسەلمێت. ئەم گوتارە زۆر سادەو ساکار دیارە و زۆربەی سیستەمە دادوەرییەکانی جیهان بە ڕاست بێت یان بە درۆ دانی پێدا دەنێن. بەڵام کە دێینە سەر بواری جێبەجێکردن و چەساپندنی زۆر بە کەمی کاری پێدەکرێت. لە وڵاتە پیشەسازییەکانی خۆرئاوادا زۆر جار باسی لەبارچونی داد (miscarriages of justice) دەکرێت کە بریتییە لە بێتاوان دەرچونی کەسێک کە ساڵانێکی زۆرە لە زینداندا بەخسیر کراوە بەهۆی دۆزینەوەی پشکنینێکی زانستییەوە کە بێتاوانی ئەو کەسەی سەلماندووە لە سەر ئەو تاوانە یان بەهۆی دانپێدانانی کەسێکی دیکە لەسەر ئەو تاوانە و گەلێک هۆکاری دیکە کە لێرەدا بواری باسکردنیان نییە. . . لەو وڵاتانەدا کە بە جیهانی سێ ناسراون کەمتر گوێ بە پشکنینی تاقیگەیی دەدرێت و لە زۆربەی وڵاتان ئەشکەنجەدان کارێکی ڕۆتینی و ساکاری ڕۆژانەیە لە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشدا و مافی مرۆڤ و بنەما دیموکراسییەکان بەتەواوی خنکاون (ئەگەرچی من لەو باوەڕەدام کە مافی مرۆڤ و دیموکراسی چەمکی ڕەها نین و لە هیچ شوێنێک بە ڕەهایی نەچەسپاون؛ بەڵام جیاوازییەکان ئاشکراو ڕوونن) لەکاتی ڕژێمی سەدامدا لە ئێراق کابرایەکی ئینگلیز لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت باسی خراپی باری ژیانی کردبوو لە زیندانەکانی سەدامدا، بەڵام بە ویژدانەوە ووتبووی: زیندانەکانی ئێراق یەک شتیان زۆر باشە و ئەویش ئەوەیە خەڵک زۆر کەم لە زینداندا دەمێنێتەوە؛ یان هەڵدەواسرێت یان لە لێبوردنێکدا ئازاد دەبێت!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بێینە سەر باسی گومانلێکراوە بێدەسەڵاتەکان: ئەوانە ئەو کەسانەن کە یان بەهۆی کەمی تەمەنیانەوە یان بەهۆی ناکامڵی باری ئەقڵی و دەروونییانەوە بێدەسەڵاتن و ناتوانن بە شێوەیەکی گونجاو وەڵامی پرسیار و لێکۆڵینەوەی پۆلیس بدەنەوەو زۆرجار دان بە تاوانێکدا دەنێن کە ئاگایان لێی نییە یان شتی سەیرو سەمەرە دەڵێن و پۆلیس دەخەنە گومانی ئەوەوە کە تاوانبارن. ئەو کەسانە پێدەچێت لەو پرسیارانە تێنەگەن کە پۆلیس ئاراستەیان دەکات و لە گرنگی و ماناو قورسایی تاوانەکە تێنگەن کە دراوەتە پاڵیان و نەزانن وەڵامەکانیان چەندە گرنگن لەسەر چارەنوسیان.

مناڵ بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی هەر کەسێکە کە لە خوار تەمەنی 18 ساڵەوە بێت. ئەم تەمەنە پێدەچێت بۆ مەبەستی یاسایی لە دەوڵەتە جیاوازەکاندا جیاوازی هەبێت بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەردەبێت نزیک بێت لەو تەمەنەوە. جیا کردنەوەی مناڵ لە گەورە کارێکی ئەوەندە سەخت نییە و کارمەندانی پۆلیس دەتوانن ئەو کارە بکەن. بەڵام ئەوانەی کە باری دەرونی یان ئەقڵیان کامڵ نییە یان ڕادەی فێربونیان لاوازە (learning disability) زۆر نارەحەتە بۆ کارمەندێکی پۆلیس هەروا بە ئاسانی دەستنیشانیان بکات و هەڵیانبهاوێردێت. لێرەدا پێویستە ئەوە بوترێت کە لێرەدا مەبەست لەو کەسانە نییە کە بەتەواوی کۆنترۆڵی خۆیان لەدەستداوە، چونکە لەو کاتەدا ئەو کەسە بەهیچ جۆرێک لێپرسراو نییە بەرانبەر هەڵسوکەوت و کردارەکانی و ئەرکی دەوڵەتە کە لە نەخۆشخانەی تایبەتدا سەرپەرشتی بکات. ئەگەرچی لە کۆندا ئەم جۆرە کەسانە لە زیندان یان شێتخانەدا یەخسیر دەکران. ئەو گومانلێکراوانەی کە لەبارەی ئەقڵی و فێربونەوە بە کەمئەندام دادەنرێن یان مناڵن پێدەچێت کارمەندی پۆلیس بخەنە گومانی ئەوەوە کە لە خۆیانەوە درۆ دەکەن و چیرۆکی درۆ دەهۆننەوە یان پێدەچێت وەڵامی نادروست بدەنەوە بەهۆی کەمی تەمەنیانەوە یان بەهۆی باری ئەقڵیانەوە. یاخود باری کەسێتیان بەو جۆرەیە کە هەر بۆ ئەوەی بەرەنگاری کەسێکی گەورە و پایە بەرز نەبنەوە و بەدرۆی نەخەنەوە وەڵامی پرسیارەکانی بە ئەرێ دەدەنەوە. [Fennell، 1994:57]

زۆربەی ئەو ئەو ئەدەبیاتانەی کە باسی لەبارچونی داد دەکەن باسی دادگاو بڕیاری دادگا دەکەن، کەمتر بیریان بۆ ئەوە دەچێت کە زۆربەی بڕیاری بنچینەیی لە بنکەی پۆلیسدا دەدرێت و ئەو ڕاستیە پشتگوێ دەخەن کە دانان بە تاواندا یان هاندانی کەسێک بۆ دانان بە تاواندا چەندە یەکلاکەرەوەیە لە هەر کێشەیەکی دادوەری تاواندا. [Dixon: 1999: 81] هەروەها زۆری کێشەی تاوان و گومانلێکراوان لە بنکەکانی پۆلیسداو ئەو شێوازی مامەڵەیەش کە پۆلیس لەگەڵ گومانلێکراواندا دەیگرێتە بەر وا دەکات کە ماف و گوزەرانی گومانلێکراوان بخرێنە دوای دواوەی لیستی کارەکانی پۆلیسەوە. [Maguire & Norris 1994:10] لەمکاتەدا پێویستی کەسێکی گەورەی گونجاو بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسە گومانلێکراوە وەک پێویستییەکی دادوەری دێتە ئاراوە.

ئەو کەسە گەورە گونجاوە' دەکرێت بۆ مناڵ دایک یان باوک، برا یان خوشکی گەورە، خزمێکی نزیک یان کارمەندێکی دەوڵەت بێت کە لەگەڵ مناڵان کاربکات و هیچ پەیوەندییەکی بە پۆلیسەوە نەبێت. بۆ ئەو کاسانەش کە لە بارەی دەرونی و ئەقڵییەوە کەمئەندامن ئەوا کەسێکی نزیکیان یان کارمەندێکی دەوڵەتی شارەزا لە بواری دەرونی و ئەقڵی و لاوازی فێربوندا دەکرێت یارمەتیان بدات. ئەرکی ئەو کەسە ئەوەیە کە کارێک بکات گومانلێکراوەکەو پۆلیس لەیەکتر تێبگەن و ئەو وەڵامەی کە ئەو کەسە دەیداتەوە پڕاوپڕ ئەو وەڵامە بێت کە خۆی دەیەوێت بیڵێت. لە ئینگلتەرە ئەرکی لێپرسراوی گرتوخانەی پۆلیسە کە هەر کات کەسێکی مناڵ وەک گومانلێکراو گەیشتە لایان یان گومانیان هەبوو کە گیراوێک لە بارەی دەرونی و ئەقڵییەوە کەمئەندامە یان لاوازی فێربوونی هەیە کەسێکی گەورەی گونجاو ئاگادار بکەنەوە کە لە کاتی لێپێچانەوەو چاوپێکەوتندا ئامادەبێت. ئەم مەسەلەیە لە یاسای Police and Criminal Evidence Act 1984 (PACE) Code of practice C دا ڕوونکراوەتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.